# زیادکردنی توانایی دیواری بلۆك وخشت

# بۆ بەرگەگرتنی تەقین و هێزی بومەلەرزە

**ئامادەکردنی: فاروق تۆفیق نصرالله**





## پێشەکی :-

وەك ئاشكرايە لای بەرێزتان لە وولاَتەكەی ئێمەدا و لە سنووری تواناى دارايى خەڵكى لای خۆمان بەزۆری ديواری خانوەكان بە بلۆكی كۆنكريتی دروست دەكرێت لەبەر هۆكاری هەرزانی و زوو بەدەستەوە دانی لە كارەكاندا يان بەكار هێنای خشتی سوور كەتوانای هەڵگرتنی قورسايی هەبێت كە لەم ساڵانەی دوايدا زياتر بەكاردەهێنرێت بۆ درووستكردنی بينای مالاَن لە بەر ئەوە بە پێويستم زانی رِێگا چارەيەك بدۆزينەوە بۆ زيادكردنی توانايی ئەو جۆرە ديوارانە كە بووە بە راستيەك و بە زۆری لە هەموو بينای مالاَندا لە وولاَتی لای خۆمان بەكار دەهێندرێت بۆيە لەم راپۆتەدا باسی چۆنێتی زيادكردنی توانايی ئەو جۆرە كارەستانە دەكەم كە بووە بە راستيەك و پێويستە هەندێك جۆر لە زيادكردنی بەرگری بۆ بكرێت و بە تێچوويەكی كەم كە تەئسيرێكی وای نەبێت لەسەر تێچووی بيناكە و بەرگريەكی باشيشی پێبدات كە من وەك خۆم لەكارەكانی چەند بينايەكدا كە بيست ساڵ پێش ئێستا پەيرِەوم كردووە و سەركەوتنێكی باشی هەبووە و كە تا ئيستاش هيچ جۆرە تەقينێكی تيادا رووی نەداوە و بەرگريەكی باشيشی بۆ ديوارەكان پەيدا كردووە .هيوادارم ئەم لێكۆلينەوەی من ببێتە مايەی سوود بينين بۆ ئەندازيارانی هاوپيشەم وسوودێكی كەم بگەيەنم بە كەرتی ئەندازياری لە وولاَتەكەماندا رِێزی براى بچووكتان قبولْ بكەن.

ئەندازياری شارستانی

فاروق تۆفيق نصرالله

2024/2/20

**پوختەیەك لەسەر دیواری بلۆك و خشت:-**

هەر لەسەرەتایی دروستبوونی مرۆڤایەتیوە مرۆڤ بیری لەوە کردۆتەوە کە خۆی حەشار بدات لەرووداووی سرووشتی ودڕندەکان لەبەر ئەوە مرۆڤ رووی کردۆتە ئەشکەوت و پاسارەکان بۆ ئەوەی پارێزراو بێت پاشان بیری لەوە کردۆتەوە کە حەشارگەی تاییەت بە خۆی درووست بکات لەو شوێنەی کە خۆی بە گونجاوی زانیوە کە نزیك بووە لە سەرچاوەی خۆراك و ئاو و باشتر بووە بۆ ژیانکردن تیایدا کە ئەمەش بۆتە سەرەتایی بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆ درووستکردنی خانوو کە لەسە رەتاوە بە پووش و لقەدارەکان کردویانە کە ئەمەش زۆر گونجاو نەبووە بۆ ئاگر و لافاو و هێرشی درندەکان بە بەرەو پێشچوونی مرۆڤایەتی دوای چەندەها ساڵی تر هەستان بەدرووستکردنی خانوو بە خشتی قوڕ کە تائەم ساڵانەی دووایش لەهەندێك ناوچەدا بەکار هاتووە کە پێویستی بە چاکسازی ساڵانە هەبووە بە هۆی ئەوەی بە باران دەشۆرایەوەو پێویستی بەوە بووە کە ساڵانە قوڕە سواغ بکرێت کە ئەمەش بار گرانی بووە لەسەریان



( خشتی قوڕی وشکراوە لەبەرخۆردا )

پاشـان مـرۆڤ بـیری لـەوە کردۆتـەوە کـە ئـەم خشـتە قورانـە بکرێتـە فرنـەوە و سـوور بکرێتـەوە تـا ئـەوەی بگاتـە ئـەم خشـتە قورانـەی کـە ئێسـتا لـە کارگەکانـدا بەشـێوازێکی هوونـەری بەرهـەم دەهێنـدرێت و لـەم سـاڵانەی دووایشـدا پـاش دەرکـەوتنی کۆنکرێـت هەسـتان بـە درووسـتکردنی بلـۆکی کـۆنکرێتی کـە ئێسـتاش لای خـۆ مـان بەکار دەهێنرێت



وێنەی ژمارە ( 1 ) ( خشتی قوڕی وشکراوە لە فرندا )



وێنەی ژمارە ( 2 ) ( خشتی قوڕی وشکراوە لە فرندا )



وێنەی ژمارە ( 3 ) ( بلۆکی کۆنکرێتی  بکارهاتوو لە خانووی مالآندا )



وێنەی ژمارە ( 4 ) ( خشتی 20سم بە 20سم بە 40سم  بکارهاتوو لە خانوو و یەکە نیشتەجێبوونەکاندا )

**شێوارەکانی زیاکردنی هێزی دیواری خشت و بلۆك لە بینادا:-**

رێگای یەکەم:- زیادکردنی بەرگری هێزی ستونی دیواری بلۆك و خشت بەبەکارهێنانی (B.R.C) بە پانی 15 سم بە ئاسۆیی بۆ سەر دیوارەکان کە ئەگەر بکرێت هەموو سێ چین جارێك دابنرێت زۆر باشە بە تایبەت بۆ ئەو دیوارانەی کە راستە دیوارن و درێژیەکەیان لە 3 مەتر زیاترە بە بێ بوونی دیواری تر کە ئەمەش بەرگریەکی زۆری پێدەبەخشێت بە تایبەت بۆ بەرگری درزی داچوونی ئەساس (Settlement) وەك لە وێنەی ژمارە (5) دا دەردەکەوێت و رۆلێکی زۆریش دەبینێت لە زیادکردنی بەرگری هێزی بوومەلەرزە چونکە دیوارە کە وەك یەك بارستە کاردەکات کە من وەك خۆم لەسالی 2010 ەوە بۆ بینایەکم بەکار هێناوە لە گەرەکی راپەرینی شاری سلێمانی و تا ئێستاش هیچ کێشەیەکی نەبووە و هیچ درزێکی تێنەکەوتووە و تێچوویەکی زۆر کەمیشی هەبووە وەك لە وێنەی ژمارە (6) دا دەردەکەوێت.



**وێنەی ژمارە** (5) (درزی داچوونی ئەساس (Settlement)



**وێنەی ژمارە (6) (زیادکردنی بەرگری هێزی ستونی دیواری بلۆك و خشت)**

**<u>ڕێگای دووەم</u>:- زیادکردنی بەرگری هێزی ئاسۆیی دیواری بلۆك و خشت بەبەکارهێنانی 6 تاڵ شیشی 12 ملم بە شێوازی ستوونی بۆ چەند جێگایەکی دیوارەکان بە تایبەت بۆ ئەو دیوارانەی کە درێژیەکەیان لە 3 مەتر زیاترە بە بێ بوونی دیواری تر کە ئەمەش بەرگریەکی زۆری پێدەبەخشێت بە تایبەت بۆ بەرگری هێزی بوومەلەرزە وەك لە وێنەی ژمارە (7) دا دەردەکەوێت کە ڕۆلێکی باشی دەبێت بۆ پێدانی مرونە تێك بە بیناکە چونکە دیوارە کە وەك یەك بارستە کاردەکات تێچوویەکی زۆر کەمیشی هەبووە .**



**وێنەی ژمارە ( 7 ) ( زیادکردنی بەرگری هێزی  ئاسۆیی دیواری بلۆك و خ**

**<u>ڕێگای سێیەم:-</u> زیادکردنی بەرگری هێزی ئاسۆیی و ستونی دیواری بلۆك و خشت بەبەکارهێنانی هەردووڕێگای یەکەم ودووەم لە بیناکاندا لە یەك کاتدا کە ئەمەش پتەویەکی زۆر باش دەبەخشێت بە دیوارەکە و بیناکە بە شێوەیەکی گشتی ئەو یش بەدانانی شیشی 12 ملم بە شێوازی ستوونی بۆ چەند جێگایەکی دیوارەکان و دانانی دوو تاڵی 10ملم یاخود 12 ملم بۆ هەموو سێ چین جارێك بە تایبەت بۆ ئەو دیوارانەی کە درێژیەکەیان لە 3 مەتر زیاترە بە بێ بوونی دیواری تر کە ئەمەش بەرگریەکی زۆری پێدەبەخشێت بە تایبەت بۆ بەرگری هێزی بوومەلەرزە و بەرگری کردنی لە درووست بوونی درزی داچوونی ئەساس (Settlement)وەك لە وێنەی ژمارە (8) دا دەردەکەوێت.**



**وێنەی ژمارە (8) (زیادکردنی بەرگری هێزی ئاسۆیی و ستونی دیواری بلۆك و خشت)**

**<u>ڕێگای چوارەم:</u>** - زیادکردنی بەرگری هێزی دیواری بلۆك و خشت و بیناکە بەشێوەیەکی گشتی دانانی چەند پایەیەکی 20سم پانی و 40سم درێژی لە بیناکاندا کە ئەمەش تێچوەکەی لە ڕێگاکانی تر زیاترە و پتەویەکی زۆر باش دەبەخشێت بە بیناکە بە شێوەیەکی گشتی بەتایبەت بۆ بەرگری هێزی بوومەلەرزە وە ك لە وێنەی ژمارە (9) دا دەردەکەوێت.



**وێنەی ژمارە (9) (زیادکردنی بەرگری دیواری بلۆك و خشت بە بەکارهێنانی پایە**

## دەرئەنجام: -

دوابەدوای باسکردنی شێوازەکانی زیادکردنی توانایی بەرگری دیواری خشت وبلۆك کە رۆژانە لەوولاتی لای خۆمان بەکاردەهێندرێت کە هەریەك لەو چوار ڕێگایەی لای سەرەوە باسکران بە شێوازێك دەبێتە هۆی زیادکردنی پتەوی بیناکە کە ئەمەش ئەوە ناگەیەنی کە ئەگەر بیناکە بە دیواری کۆنکرێتی شیشدار بکرێت لەم شێوازانە لاوازترە چونکە هەمومان دەزانین کە درووستکردنی بینا بە دیواری کۆنکرێتی شیشدار لە هەموو ئەو ڕێگایانەی سەرەوە باشترە بەلاّم ئەبێت ئەوەش لە بەر چاو بگیرێت کە ئەم رێگایانە تێچووی زۆر کەمترە لە دیواری کۆنکرێتی شیشدار وتا رادەیەکی زۆر پتەوی بە بیناکان دەبە خشێت کە ئەم رێگایانەی ئێمە لای سەرەوە باسمان کرد بۆ بینای یەك قات یان دوو قات شێوازێکی باش لە پتەوی بە بیناکان دەبەخشێت کەمن وەك خۆم هەرچوارڕێگاکەم تاقی کردۆتەوە سودێکی باشی هەبووە بۆ بیناکان و بینای تیادایە 14 ساڵە بینایە هەتا ئێستاش هیچ کێشەی نەبووە لە بەر ئەوە دەتوانین بڵێن کە هەرچوار رێگاکە بەکار دەهێنرێت و دەکرێت لە شێوازی درووستکردنی خانووی سیتیەکاندا بە کاربهێندرێت بۆ رووبەبوونەوەی هێزی بوومەلەرزە و پتەویەکی زیاتر ببەخشێت بە بیناکان

## سەرچاوەکان: -

- ❖ وێنەی ئەرشیفی تایبەت بە کاری خۆم .

- ❖ هەندێك وێنەی   لە ئینتەرنێت وەرگیراوە.